KHABAT
Daily Newspaper *Kurdistan – Iraq*
Organ of KDP
Fri,Dec. January 27, 2011 No: (3980)

خەبات

Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor -in - chief: **Nazhad Aziz Surme**
http://www.xebat.net E -mail:info@xebat.net



سەلامەتی بۆ بەڕێز د. سعدی بەرزنجی

ماوەیەکی کەم نییە یاساناسی کورد، راوێژکاری پێشووی یاسایی سەرۆکی کوردستان و ئەندامی خوولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ چارەسەری لە دەرەوەی ولاتە. ئێستا خۆشبەختانە تەندروستی بەرەو باشی دەچێ گەڕاوەتەوە نیشتمان، بەم بۆنەیەوە بەناوی سەرنووسەر ستافی خەباتەوە هیوای سەلامەتی بۆ دکتۆر سعدی بەرزنجی دەخوازین.

هونەرمەند: جوهەر مجەمەد عومەر

بڵند ئیبراهیم بۆ جەژنی نەورۆز خۆی ئاماده دەکات

بۆ سازکردنی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز هونەرمەند بڵند ئیبراهیم لە چەندین وڵاتی ئەورووپی بانگهێشت کراوە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری کۆتایی خۆی نەداوە کە کامە وڵات هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو ئاهەنگە. بڵند لەو هونەرمەندانەیە کە هەواداریکی ئێجگار زۆری لە کوردستان و لە دەرەوەی کورستاندا هەیە.

ماڕەیی ئەو کچە 26 ملیۆن دۆلاره

سەرۆکی چاد – ئیدریس دیبی کچێکی خێڵەکی ماره کردووە و ئاهەنگی ماڕەبڕینەکەشی لە یەکێ لە هۆتێلە هەرە گەورەکانی سودان ئەنجام دراوە. میدیاکانی سوودانیش لەم بارەیەوە گوتیان سەرۆکی چاد 26 ملیۆن دیناری بۆ ئەو کچە بڕیوەتەوە، کە 25 ملیۆنیان بۆ باوکی بووک و ملیۆنێکیش بۆ کچەکەی خۆ بێت.



لە ماره بڕینەکەدا زۆر لە میرو سەرۆک وڵاتانی جیهان ئامادەبوون.

ئاهەنگێگ بۆ ڤالانتاین لە سلێمانی



وا بڕیاره بەبۆنەی رۆژی ڤالانتاین هۆڵی تەلاری سلێمانی ئاهەنگێکی بەجۆش سازدەکات کە تێیدا هونەرمەندان سالار مەحموود، نازێ عەزیزی، دڵنیا قەرەداغی، ماجد بەشداری تێیدا دەکەن، لەو ئاهەنگەدا هەر هونەرمەندێک لەو چوار هونەرمەندە بۆ ماوەی 40 خولەک گۆرانی دەڵێن.

هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم دیسان نەشتەرگەری بۆ دەکرێت

خەبات/ کارزان حەیدەر: پێشی ساڵێک لە دیمەشق نەشتەرگەریەکی بۆ کراو گرێپەکیان لە سنگی دەرکرد، ئێستاش بۆ جاری دووەم بە هەمان نەخۆشی دەچێتەوە بەر نەشتەرگەری.

هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم رۆژی 29 ی ئەم مانگە لەنەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر بۆ جاری دووەم نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، وەک هونەرمەند کاروخ ئیبراهیمی کوڕی ڕایگەیاند: باوکی بۆ دووەم جارە هەمان گرێی لە سنگی دروست بووەو دکتۆرەکان پێیان ڕاگەیاندووە کە دەبێ نەشتەر گەری بۆ بکات، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستای سووریاش خراپە، بۆیە نەیانتوانیوە بیبەنەوە هەمان نەخۆشخانە لە دیمەشق بۆ ئەوەی نەشتەرگەریەکەی لێبکات، ڕۆژی 29 ی ئەم مانگە کە دەکاتە ڕۆژی یەک شەممە لە نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر نەشتەرگەریەکەی بۆ دەکرێت.

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور ڕیزبەندی ئازادی چاپەمەنییەکانی لەساڵی 2011 ڕاگەیاند

ئاژانسەکان: ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور دوێنێ لە ڕاگەیاندنێکدا ریزبەندی ئازادی چاپەمەنییەکانی لەساڵی 2011 ڕاگەیاند. لەم ریزبەندییەدا ئێران لە نێوان 179 وڵاتدا، پلەی 175ەمی هەیە و باردۆخی ئازادی چاپەمەنییەکان لەو وڵاتە زۆر بە ئاڵۆز وەسفکراوە. تەنیا وڵاتانی سووریا و تورکەمەنستان و ئیریتریا و کۆریای باکوور لە خوارەوەی ئێران دان و ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بوونی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەوان لەناو بەندیخانەکانی ئێران و بۆل14

فیجی.. لەئەنجامی باوبۆران و هەستانی ئاو 6 کەس گیانیان لەدەستدا و هەزارانی دیکەش ئاوارەبوون

ئاژانسەکان: دەستەی دووڕگەکانی فیجی لە زەریایی هیندی بۆ ڕوودانی کارەساتی سروشتی ڕایگەیاند: لە ئاکامی باو باران و هەستانی لافاو و ڕۆچوونی زەوی لەو دوڕگانە، شەش کەس گیانیان لە دەست و بە هەزارانی دیکەش دەربەدەر و ئاوارەبوون.

لەلایەکی دیکەوە ئێژگەی بی بی سی بەریتانیا لە بەرپرسانی دووڕگەکانی فیجی گواستەوە، بە هۆی باران بارینێکی چڕەوە، لافاو ڕۆچوونی زەوی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەو دزورگانە ڕوویداو لە ئاکامدا شەش کەس گیانیان لە دەست و پتر لە 3500 کەسی دیکەش بە هۆی ترسی لافاوەکە و ڕۆچوونی زەوێکە مالوحاڵی خۆیان بۆل14

لە کوێت دۆزینەوە، ئەم کوێرو قۆڕانەی لە خوا عاسی چلۆنت کەوتە خاتر، مشکە کوێرەو ورچی کوێستانی هەموو شێرو پلنگن، وەختی نان خواردن لە ئەترافت سمێڵ بابڕ، کفن درێ، کەللە خڕ، پەرچەم مەریوانی

محەمەدی خاڵسی

مەترسیەکی گەورە بەرێگەوەیە؟

لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەدا هەواڵێکم خوێندەوە بەراستی تووشی شۆک و سەرسوڕمانی کردم، وەزیری تەندروستی باسی لە دەست بەسەر داگرتنی 3 تەن و 600 کیلۆ دەرمانی هۆشبەر کردبوو لە کۆگایەکی نایاسایی بۆ پرکردنەوەی دەرمان، ئەم هەواڵە خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی گەورەیە لە ناو کۆمەڵگاو پێویستە بەهۆشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیاردا بکرێت و بەتوندی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە بکرێت، چونکە ئەم بابەتە پەیوەستە بە ژیان و دوارۆژی باری تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگا، ناکرێ هەروا بە سەرپێی و سەردێری هەواڵ سەیر بکرێ، بەڵکو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی وردو زانستیانەی بۆ بکرێ، بەپێی یاساو بەتوندترین شێوە ئەو کەس و کۆمپانیایانە سزای بدرێت کە هەوڵی هێنانە ناوەوەی دەرمان و مادەی هۆشبەر دەدەن، بۆ پرکردنی گیرفانیان چەندان لاو و گەنجی کورد ئالوودەی ئەم مادانە بکەن و بەرەو هەڵدێری سەرلێشێوان و کارەستبار دەبات وسەر لە خۆی و خێزان و کۆمەڵگاش بشێوێنن، ئەم دیاردەیە ماوەیەکە قسەو باسی زۆری لەسەر دەکرێ و خەریکە لاوانی ئەم هەرێمەی ئێمەش متووی پێوە بگرن و بایەخ بە مادەو حەب و شروبی هۆشبەر بدەن، بۆیە زۆر گرنگە دەزگا پەروەردەییەکان ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بنوێنن، ئەویش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەتەمەنی هەرزەکارییدان تاوەکو پەنا نەبەنە بەر ئەم جۆرە مادانە، چونکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی تواناو ئاستی هۆشمەندیان و دروستبوونی چینێکی بێکەڵک و سەرەڕۆ و پڕ لە کێشە وگرفت، هەروەها لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان پێویستە بەئەرکی بەرپرسیاریەتی خۆیان هەڵبستن و ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی ئەو بابەت ومادە هۆشبەرانە بکەن و نەهێڵن بە هیچ شێوەیەک بێتە ناو هەرێم،ئەوکەسانەش کە بە مەبەستی دروستکردنی دەرمان دەیهێنە هەرێم لەژێر چاودێری توندی وەزارەتی تەندروستی و ئاسایش دابێت، ولەلایەکی دیکەشەوە یاسایەکی تایبەت بەو بابەتە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت،ماده وسزای توند بۆ ئەو کەسانە دابنێ کە بازرگانی بە ژیان و داهاتووی مرۆڤەکان دەکەن. با ئەم هەرێمە پاکەی ئێمە نەبێتە شوێنی تلیاک خۆرو هۆش لەدەست دراوەکان..

عوبێد خدر

هەڵوێست نەریمان ڕەحمان.. ئەو دەرهێنەرە کوردەی لە ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مەریوان دا سێیەم بوو

دیمانە: هێمن خەلیل

هەڵوێست نەریمان ڕەحمان لەدایکبووی قەزای چەمچەماڵە، دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی شانۆی زانکۆی سلاحەدینە، بەشداری چەندین وۆرکشۆپی لەگەڵ ڕێژە سۆرە بەناوبانگ و جیهانییەکاندا کردووە و بەشداربووە لەچەندین کاری نواندن و کاری دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆی هۆڵ شانۆیی شەقام کردووە، داواکاریشی بەشداربوون بوو لە ڤیستیڤاڵی شانۆیی شەقامی مەریوان و دەربەندیخان، شانۆیی (بێ کاتەکان، ڤیستیڤاڵی مەریوان شانۆیی، سێوەکانی نیشتمان، ڤیستیڤاڵی دەربەندیخان، سەبارەت بە کارەکانی ئەم دەرهێنەرە لە دیمانەیەکدا بەچەند پرسیارێک بەسەرمان کردەوە:

• چی هانی دای جیهانی هونەری شانۆ هەڵبژێری؟

– لەساڵی 1996 بۆ یەکەم جار باوکم بەشداری پێکردم لە شانۆگەریی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە هەر باوکیشم هاندەرم بوو بێمە ناو دنیای هونەر.

•بەرژل بینینی چ ئەکتەرێک سەرسامیت؟

– لە پاوان گەورە هونەرمەندانی «ماهیر حەسەن و ئازاد جەلال و کامەران ڕەئوف و شەمالی عەبەڕەش و مامۆستا ئەحمەد سالارو خوالێخۆشبوو کەمال سابیر) و لە ئافرەتانیش (بەدیعە دارتاش و گەزیزە عومەر و شادان فوئاد و میدیا ڕەئوف و بێگەردو فرمێسک مستەفاو ...هتد)

• جگە لە کاری نواندن لە چ بواریکی هونەری شارەزایت هەیە؟

– تا ڕادەیەک شارەزاییم لە بواری شیعرو ئەدەبیاتدا هەیە.

•تا چەند بەشداری کردنی ئەکتەری شانۆ بۆ دراما گونجاوە؟

–بەڕوای من بەشداریکردنی ئەکتەری شانۆ بۆ کاری دراما زۆر گونجاوە، چونکە ئەگەر کەسەکە بەمانای ئەکتەر ئەکتەربێ بۆ هەموو ڕۆلێک دەبێت جا ئەو ڕۆڵە لە شانۆدابێت یان سینەمادا بێت جیاوازی نییە.

• شانۆ وەکو جاران نەماوە بینەری کەمە ئەمە تا چەند ڕاستە؟

بینەر ماوە، بەڵام هونەرمەندی ڕاستەقینە نەماوە، بینەر لای هونەرمەندان جیاوازی هەیە هونەرمەند هەیە کارەکانی بینەری زۆر باشی هەیە، چونکە ئەو هونەرمەندە هەوڵی داوە بینەر لەگەڵ کارەکانی ئاشنا بکات و بینەرێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، بەڵام هونەرمەندیش هەیە کارەکانی کەمترین بینەری هەیە ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندەکەو ئاستی هونەری هونەرمەندەکەو کارەکەی.

• جیاوازی چییە لەنێوان شانۆیی شەقام و نێو هۆڵەکان؟

– هەڵبەت جیاوای شانۆیی شەقام و شانۆیی نێو هۆڵەکان جیاوازی ڕوون و بەرچاوی هەیە، شانۆی شەقام لە دەرەوەی هۆڵەکان دەکرێت و ئاوێتەبوونێکی بەرچاو هەیە لەنێوان ئەکتەرو بینەردا و دەبێت بینەر ببێت بەبەشێک لە نمایشەکە و ڕەچاوکردنی تێوری (بریخت) و (گرتۆفسکی) لە شانۆیی شەقام واتە شکاندنی دیواری چوارەم کاری دەرهێنان لە شانۆیی شەقام تاڕادەیەک نیمچە کراوەیە پەیڕەوکردنی نامۆبوونی تێوری (بریخت) و ڕەچاوکردن و سوود وەرگرتن لە تێوری شانۆیی هە ژاری (گرتۆفسکی) هەرچەند من لە شانۆیی شەقامدا سوودم لە (تادیۆش کانتۆریش) وەرگرتووە، بەڵام هەرچی شانۆیی نێو هۆڵەکانە پێچەوانەی شانۆیی شەقامە.

• شانۆیی شەقام کارێکی تازەیە؟ چۆن هەوڵدا کە لەو جۆرە ستایلەدا کاربکەن؟

– شانۆیی شەقام تازە نییە، بەڵکو بەنسبەت ئیمەی میللەتی کوردەوە تازەیە، لە وڵاتێکی وەکو ئێران نزیکەی دوو سەدەو نیو دەبێت کە کاری شانۆیی شەقام دەکرێت، لە پێش ئێرانیش لەو وڵاتانای ئەورووپا کراوە بەتایبەت (ئیتالیا و فەڕەنسا یۆنان) دواتر وڵاتانی تر، چونکە شانۆیی شەقام درێژکراوەیی کۆمیدیای (دیلارتیبە) کە میژووی (کۆمیدیای دیلارتی) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم لە ئیتالیا، بەڵام لای ئێمە لە کوردستان ئەزموون و ساڵی دەرکەوتنی شانۆیی شەقام زۆرکەم و کورتە بەم دواییە لە ساڵی (2010)ڤیستیڤاڵی شانۆیی شەقام لەشاری دەربەندیخاندا کرا، کە ئەویش کەمو کورتی زۆری هەبوو لە ڕووی تێنەگەیشتن لە شانۆیی شەقام، تا ئێستا دوو ڤیستیڤاڵی شانۆیی شەقام کراوە لە دەربەندیخان چەند ئیشێکی کەم یان نەبێ هیچی شانۆیی شەقام نەبوو بەڵکو درێژکراوەی شانۆیی نێوهۆڵ بوو.

• ئایا دەق هەیە لە شانۆیی شەقامدا؟

– بەڵێ دەکرێت دەق لە شانۆی شەقام هەبێت و دەکرێت دەق نەبێت، بەڵکو (فکرە) هەبێت، لە ئەورووپا دەقی کلاسیک زۆرجار دەکرێت بەشانۆیی شەقام.

• هەندێ لە شانۆکاران دەڵێن شانۆیی شەقام نابێ دەقی تێدا بێت و نابێت شیعری تێدابێت تەنها بەس فکرە بێت.

– بەداخەوە لە هەموو دونیادا ڕێژەی ئەوانەی ئیش دەکەن زۆرکەمترن لەوانەی کە قسە دەکەن، دەنا هیچ مەرجێک نییە بۆ دەق یان فکرە لە شانۆیی شەقامدا جگە لەو جیاوازیانەی کە باسم کرد لە پێشەوە، ئەو قسانەش زۆر بەداهەوە ئەو لێزنەیە کردبووی کە دادوەری ڤیستیڤاڵی شانۆیی شەقامی دەربەندیخانی کردبوو، باشتروابوو قسەیان نەکردبا.

• تۆ چۆن ئەزموونت پەیدا کرد یان تا چەند زانیاریەت هەیە لەسەر شانۆیی شەقام؟

– من دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانم، لە کۆلێژ ئاشنای شانۆیی شەقام بوو بەتیۆری، بەڵام سوود وەرگرت بە پراکتیکی لە بەرێز مامۆستام (د.فازل جاف) بەپلەی یەکەم دواتر چەند نمایشکێی ئەورووپی و ئێرانیم بە (دی ڤی دی) بینی شارەزایی تەکنیک و ئوسلوبی شانۆیی شەقام بوو بەباشی بەراستی (د.فازل جاف) مامۆستایەکی بەردەوامی منە، لە هەر شوێنێک دامێنم پەنا بۆ د.فازل دەبەم و سوودم لە گەورە دەرهێنەری فەڕەنسی (ژان لوک) وەرگرتووەکە ئەزموونی 25ساڵی لە شانۆیی شەقامدا هەیە لە وڵاتی فەڕەنسا

• ئێوە وەکو شاری چەمچەماڵ و دەربەندیخان بەشداریتان کرد لە شەشەمین ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مەریوان پلەی سێیەمی ڤیستیڤاڵەکەتان بەدەست هێنا ئەمە چۆن بوو؟

دیارە ئێمە لە ساڵی 2010 بەشداری یەکەمین ڤیستیڤاڵی شەقاممان کرد لەشاری دەربەندیخان کردووە، لەو ڤیستیڤاڵەدا دەربەندیخان پلەی یەکەم و ئێمە وەکو چەمچەماڵ پلەی دووەممان بەدەست هێنا، بەرهەمەکەمان بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ بوو ئێرانییەکان دەعوەتیان بۆ مامۆستا عەبدولی حەمە جوان ناردبوو کە دووبەرهەم بوو بهێنن بۆ ڤیستیڤاڵ دەستبەجێ مامۆستاش وتبووی دوو بەرهەمی جوانمان ئامادەیە، ئەویش بەرهەمەکەی شاری دەربەندیخان و شاری چەمچەماڵی هەڵبژاردو

خۆمان ئامادەکرد و بەشداربووین کە 36تیپ بەشداربوون ئێمە لەناو تیپەکانی دەرەوەی ئێران وەکو (فەڕەنسا و تورکیا و تاجیکستان و ئازەربایجان و یابان و ئەڵمانیا) توانیمان ئێمە و دەربەندیخان بەهاوبەشی پلەی سێیەم بەدەست بهێنین، ببین بە سێیەمین باشرتین بەرهەمی ڤیستیڤاڵ لە دوای فەرەنساو تورکیا.

• ئێوە چۆن بانگهێشت کران بۆ ئەو ڤیستیڤاڵە؟

– وەکو باسم کرد لە ڕێگەی مامۆستا عەبدولی حەمە جوانەوە ئەو ئێمەی هەڵبژاردبوو و دیارە پێش ئێمە نمایشی هەرێمی کوردستان بەشداربووین لە ڤیستیڤاڵی (مەریوان)، بەڵام تەنها چەمچەماڵ و دەربەندیخان خەڵاتیان لەو ڤیستیڤاڵە بردۆتەوە.

• ئێوە بەنێوی کوردستانەوە بەشداریتان کرد یان بەناوی ئیراقەوە بەشداریتان کرد؟

– ئێمە بەناوی کوردستانی ئیراقەوە بەشدریمان کردووە وەکو لە وێنەکەدا دیارە ئەمەش ڕۆڵی مامۆستا عەبدول بوو و لە ڕۆژی ئاشکراکردنی ئەنجامی ڤیستیڤاڵەکە ئێمەیان بەناوی ئیراقەوە ناساند بە ئامادەبووان، بەڵام مامۆستا عەبدوڵ حمە جوان وتی: ئەگەر من ئیراقی بم ئێستا دەڕۆمەوە ڤیستیڤاڵ جێ دەڵێم، من خەڵکی هەرێمی کوردستانم هەرێمی کوردستانیش پەرلەمانی هەیە و خاوەنی حکوومەتین و سەرۆکمان هەیە، لەلایەن یەکێ لە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە کە سەرۆکی شانۆیی شەقامی ئێران بوو (مجید ئیمرالی) داوای لێبوردن لە مامۆستا عەبدول کراو نمایشی ئێمەیان ئاوها خوێندنەوە (بی زمان ها فی اقلیم کوردستان) واتە (شانۆیی بێ کاتەکان لە هەرێمی کوردستان(بوو بەسێیەمین و باشترین بەرهەمی ڤیستیڤاڵەکە.

• لە کوردستانیش ڤیستیڤاڵی شانۆیی شەقام لە شاری دەربەندیخان دەکرێت دەتوانین بزانین جیاوازی ڤیستیڤاڵی دەربەندیخان و مەریوان چییە؟

– جیاوازی زۆرە لە ڕووی بینەرو ئەزموون و شارەزایی و بەڕێوەبردنیش لە ڤیستیڤاڵی مەریوان (102) نمایش پێشکەش کرا یەک نمایش لەو نمایشانە (10) دەقیقە دواوو پێش نەکەوت، بەڵام لە ڤیستیڤاڵی دەربەندیخانیش نمایش هەیە 24 کاتژمێر پێش دەکەوێت و بینەری دەربەندیخان بەزۆری منداڵن و ڤیستیڤاڵی مەریوان بەدەر لەوەی نزیکەی 250 ساڵ ئەزموونی شانۆیی شەقام هەیە و شەشەمین ڤیستیڤاڵی ئەنجامداوە، بەڵام ڤیستیڤاڵی دەربەندیخان لەگەڵ ئەوەی کەمترین ئەزموونی شانۆیی شەقامی هەیە، دوو ڤیستیڤاڵی ئەنجامداوە.